# مۆنیتۆرێكی بچووک و تایبەتمەندییەکانی

ئێستا كە سەردەمی سەیركردن و بینینە، رەنگە شاشە بچووكەكانی مۆبایل وەڵامدەرەوەی زۆر كەس نەبێت. هەندێك حەز بكەن لە شاشەیەكی گەورەترەوە سەیری ئەو فیلم و وێنانە یا ئەو یاریانە بكەن لەسەر مۆبایلەكەیانە.

شاشەی گەڕۆك واتە ئەو شاشانەی دەكرێت بۆ هەموو شوێنێك لەگەڵ خۆتی بەری، ماوەیەكە جێی خۆی گرتووە.

یەكێك لەو مۆنیتۆرە گەڕۆكانە، مۆنیتۆری جۆری Lepow 15.6یە. مۆنیتۆرێك كە لەگەڵ هەموو ئامێرێكی وەك مۆبایل، تەبلێت، لاپتۆپ، ئیكس بۆكس، پلەی ستەیشن...تاد دەگونجێت.

كوالیتی نیشاندان لە جۆری HDیە. بڵندگۆكانی دەنگیان بەهێزە.

بەرگەكەی لە چەرمێكی باش دروست كراوە، كێشەكەی كەمترە لە كیلۆیەك، هەم بە كێبڵ و هەم بەشێوەی وایەرلەیس لەگەڵ ئامێرەكان پەیوەند دەدرێت.







# کلاسیک بە

ئەوانەی نەوەی حەفتا و هەشتاكانن، كامێرای پۆلارۆید (polaroid)یان دێتەوەبیر، كامێرایەك كە هەر ئەو كاتەی وێنەی دەگرتی، بێ ئەوەی وێنەكە بچێتە تاقیگە، هەر ئەوكات وێنەكە لەسەر كاغەز فۆتۆیەكی تایبەت لە خودی كامێراكە دەهاتەدەر..

ئەو كات ئەوە پێشكەوتنێكی گەورە بوو، چونكە مەودای چاوەڕوانییەكان نەدەمان و دەستبەجێ وێنەكەی خۆت دەدی.

ئێستا هەمان كۆمپانیا لە سەردەمی دیجیتالیدا هاتووە ئامێرێكی تایبەت بە مۆبایلی هەر بەشێوەی جاران بەرهەم هێناوە، كە وێنەكەت



# دەسکی زیرەک

تایبەتمەندییەك كە دەبێتەی هۆی ئەوەی مۆبایلێك بە سەركەوتوو هەژمار بكرێ، كامێراكەیەتی.

كامێراكانی مۆبایل زۆریان خۆیان لە ئاستی كامێرایەكی دیجیتالی سەركەوتوو دەدەن. كێشەیەك لە مۆبایلەكاندا هەیە بۆ وێنەگرتن، یان دەبێت كەسێكی دیكە وێنەت بگرێ، یان كاتێك فیلمێك لە دیمەنێك دەگری بەهۆی لەرزین بەكارهێنەرەكەی، وەك پێویست فیلمەكە دەرناچێت.

كۆمپانیای DJI كە لە بواری بەرهەمهێنانی ئامێری لاوەكی بۆ كامێرادا

# تەنیا بە پەنجەی دەست گوێ لە پەیوەندییەکان بگرە

بۆ ئەوەی کە گوێ لە پەیوەندییەکانی مۆبایلەکەت بگری، دەبێ حەتمەن هیدفۆن یا بڵندگۆی مۆبایلەکەت بە گوێتەوە بنێ، بەبێ ئەوە گوێت لە پەیوەندییەکان نابێ.

لە داهێنانێکی نوێدا دەکرێت بەبێ هیدفۆن و بڵندگۆیەك تەنیا بە پەنجەی خۆت گوێ بدەیە پەیوەندییەکان.


ئەنگوستیلەی زیرەکی orii کە هی کۆمپانیای ئۆریگامییە، ئەگەر لە پەنجەتی بکەی و سەری پەنجەت لە گوێچکەت نزیك بکەیەوە لەسەری پەنجەتەوە گوێت لەپەیوەندییەکان دەبێ.

ئەنگوستیلەکە بەهۆی ئاپێکەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ. بەهۆی ئەو تەکنەلۆژییە نوێیەوە گوێچکەی دەرەوە و ناوەوە هیچ رۆڵێکیان لە وەرگرتنی دەنگدا نییە و راستەوخۆ دەنگەکە بە پەردەی گوێت دەکەوێ.

کاتێك پەیامێکت بۆ دێ ئەنگوستیلەکە پەنجەت دەلەرێنێتەوە. نەك هەر پەیام بگرە زانیاری رۆژانەی وەك کەش و هەوا، بیرهێنانەوەی یادداشتەکان و ئەوەی پەیوەندی هەیە بە گوگل ئیستێنتەوە.







## تامی نوێ

دەستبەجێ دەداتەوە.

ئامێری polariod Lab بە جۆرێك بەرهەم هاتووە کە وێنەی سەر مۆبایل بەبێ هیچ ئامێرێکی پەیوەندی لەسەری دادەنرێ و ئەویش وێنەکان پرێنت دەکا.

بەڕێوەبەری کۆمپانیای پۆلارۆید لە بارەی ئەو ئامێرەوە دەڵێت خەڵك دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمانەی کە وێنەکانیان بەدەستەوە دەگرت، نەك لە مۆبایلەکانیاندا هەڵبگیردرێن. ئەو ئامێرە هیچ حبرێکی نییە و خاڵێکی گرنگ لە ئامێرەکەدا ئەوەیە کە دەتوانێت لە فیلمی جوڵەداریش وێنە بگرێت.

## بۆ وێنەگرتن

چالاکی هەیە، دەسکێکی تایبەتی بە وێنە و فیلم گرتن بە مۆبایل بەناوی Osmo mobile 3 بەرهەم هێناوە. تایبەتمەندی بەهێزی دەسکەکە ئەوەیە کە لەکاتی فیلم گرتندا نالەرێت. بەهۆی ئەو دەسکەوە دەتوانیت فیلم لە دیمەنە خێراکان بگری بەبێ ئەوەی تێك بچێ. ئەم ئامێرە لە ڤیدیۆی جۆری هایپەرلپس و تایم لپس پشتیوانی دەکا. بەهۆیەوە دەتوانی وێنەی پانۆرامایی بگیری. بۆ وێنەگرتنی سێلفیش بە هەموو جوڵەیەکەوە هیچ کێشەی نییە.


# پرۆگرامێکی تایبەت بە وێنە بۆ سیستەمی ئەندرۆید

لە کۆمپیوتەردا چ سیستەمی ویندۆز بێت یا سیستەمی ئای ئۆ ئێس یا لینۆکس، بە سەدان پرۆگرام هەن کە تایبەتن بە دەستکاری و گۆڕانکاری لە وێنەدا، پرۆگرامەکانی پەیوەندیدار بە کاری گرافیکی لە کۆمپیوتەردا لە ژمار نایەن. لەو سیستەمانەی تایبەتن بە مۆبایل وەك ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس، پرۆگرامەکانی تایبەت بە وێنە ئەوەندە زۆر نین، یەکێك لە هۆکارەکان ئەوەیە کە پرۆسیسەری مۆبایلەکان ئەوەندە بەهێز نین، کاری گرافیکی بەهێزیان پێبکرێ و دووەمیش بەهۆی بچووکی شاشەی مۆبایلەوە دەستت کراوە نییە بۆ ئەنجامدانی کاری گرافیکی. لەگەڵ ئەوەشدا چەندین پرۆگرامی تایبەت بە مۆبایلیش بەرهەم هاتوون، وەك پرۆگرامی Photo Lab Picture Editor کە یەکێکە پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی تایبەت بە دەستکاری وێنە. ئەم پرۆگرامە زیاتر لە ٨٠٠ ئیفکێتی لەخۆیدا جێ کردۆتەوە. پرۆگرامەکە تایبەتە بە سیستەمی ئەندرۆید و زیاتر لە سەد ملیۆن جار لەلایەن بەکارهێنەرانەوە دابەزێندراوە.

ڕەنگە حەز بکەی وێنەیەکی خۆت بخەیە ناوەندی دەریا، یا لەگەڵ وێنەی پەپوولەیەك تێکەڵ بەیەکیان بکەی، یان بیکەی بە ڕۆژێکی بەفر وبارانی، گشت ئەوانە بەو پرۆگرامە ئەنجام دەدرێن.

دەکرێ کارکردی پرۆگرامەکە لەو تایبەتمەندییانەدا کۆبکەینەوە، بوونی ئیفکێتی سروشتی و سەرنج ڕاکێش، فرێم و چوارچێوەی جۆراوجۆر، تێکەڵکردنی فیلتەرەکان و مۆنتاژ کردن و دروستکردنی وێنەی کۆلاژ..





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێك

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت لەو کاتەوە کە ویندۆز١٠ م خستۆتە سەر کۆمپیوتەرەکەم، پرۆگرامی word بەباشی کار ناکا و دوگمەی فەرمانەکان وەڵام نادەنەوە، بۆ نموونە دوگمەی ctrl و s کە دەبێت بابەتەکە خەزن بکا نایکا، هۆکار و چارە چییە؟**

خوێنەری بەڕێز بۆ چارەسەری ئەم کارە سەرەتا بچو بەشی settings و پاشان فەرمانی Devices هەڵبژێرە و دواتر فەرمانی Typing لێبدە و دواتر کلیك بکە و دای ئەوە بەشی Let me use a different input method for each app windows چالاك بکە و ئیدی کێشەت نامێنێ.

## تاقیگەی پزیشك



دونیای تەکنەلۆژیای نوێ هەموو شتێکی زۆر ئاسان کردۆتەوە، زۆر کارو ئەرکی پەیوەندیدار بە نەخۆشی و چارەسەری بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێ ئەوەندە سانا بوونە هەر مەپرسە.

ئامێرەکانی پێوانی پاڵەپەستۆی خوێن، شەکرە، چاودێری خەو، چاودێری جموجۆڵی وەرزشی ڕۆژانە...تاد بە ئامێرە دیجیتاڵییە سەردەمەکان ئەنجام دەدرێن.

ئامێری TytoCare TytoHome یەکێکە لەو ئامێرانە، ئەوەندە بچووکە لە پەنجەکانتدا جێگای دەبێتەوە، بەهۆی ئەو ئامێرەوە دەتوانی ئەوەی پەیوەندی بە نەخۆشییەوە هەیە تۆماری بکەی. وەك تاقیگەیەکی بچووك دەچێت.

بەهۆی ئەو ئامێرەوە دەتوانی بە ئاسانی لە ڕێگای ڤیدیۆیەوە لەگەڵ پزیشکی تایبەت پەیوەندی بگری و دکتۆرەکە لە دوورەوە دەتوانێت، تاو لەرز، گیرانی زمان، لێدانی دڵ و پاڵەپەستۆی خوێن، نەخۆشییەکانی گوێ، دڵ و هەناو، پێست





## ماڵپەڕێک ڤیدیۆ دەکاتە گیف

پاشگری GIF کە بە دوای وێنەدا دێت، بەو وێنانە دەگوترێ کە هەم وێنەن و هەمن جوڵەدار، واتە ڤیدیۆ نین بەڵکو وێنەیەکی جوڵەدارن، بۆ نموونە گوڵێکە دەگەشێتەوە، یا مۆمێکە دادەگیرسێ، یا دارێکە گەڵاکانی جوڵە دەکەن...

ئەم وێنانە بە پرۆگرامی تایبەت بۆ نموونە فۆتۆشۆپ و هاوشێوەکانی دروست دەبن، بەڵام ئەگەر بتەوێ ڤیدیۆیەکی خۆت بێ پرۆگرام بکەی بە Gif ئەوە سەر لە ماڵپەڕی ezgif.com بدە.

بە داگرتنی دوگمەی Browse ڤیدیۆکەی خۆت هەڵبژێرە چ ئەدرەسی ڤیدیۆکە لە ئینتەرنێت بێ یا لەسەر کۆمپیوتەرەکەت، دواتر دوگمەی Upload Video دابگرە، بەڵام نابێ سایزی ڤیدیۆکە لە ١٠٠ میگا زیاتر بێ. دوای ئەوە چ بەشێك لە ڤیدیۆکەت مەبەستە کە ببێتە گیف دیاری بکە و ئەگینا خۆی پێنج چرکەی یەکەم دەکاتە گیف. هەر ئەوەندە و بەس ئیدی فایلی وێنە گیفەکەی خۆت دابەزێنە.

## لاپتۆپە چەماوەکەی لینۆڤۆ

لە ئایندەدا و رەنگە لەسەرەتای ساڵی تازەوە، کۆمپانیاکان ئەو ئامێرانە بخەنەڕوو کە دەنوشتێنەوەو قەد دەکرێن، وەك مۆبایل و لاپتۆپ و تەبلێت..

کۆمپانیای لینۆڤۆ نوێترین لاپتۆپی خۆی بەناوی ThinkPad X1 خستەڕوو کە دەبێتە یەك پارچە و قەد دەکرێت. بەکارهێنەر خۆی دەتوانێ هەڵبژێرێ هەموو لاپتۆپەکە بکات بە شاشەیەکی گەورە، یا بیکاتە دوو بەش.

لاپتۆپەکە دەبێتە تەبلێتێکی گەورە، بەڵام لە بواری سەختە ئامێرەوە هەر لاپتۆپە.

شاشەکەی ١٣,٣ ئینجە، لە ناوەندەوە دەنووشتێتەوە. کوالیتی نیشاندانی OLEDیە و K2یە. کیبۆرد و ماوسیشی بۆ دادەنرێ.رەنگە حەز بکەی وێنەیەکی




## ـــــکی لە ماڵەوە

و گەروو...تاد بزانێت. هەر لە دوورەوەش ئەوەی پێویستە بۆ چارەسەری رێنوێنیت بکا.

ئامێرەکە دەتوانێ داتاکانی پەیوەندیدار بە نەخۆشیەکانت لەخۆیدا کۆبکاتەوە و لەکاتی پێویستدا بیانخاتە بەردەستی پزیشکی تایبەتەوە.